کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 19:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ / بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ... لیژنەی ڕێکخراوەکانی کفری

بابەت / داواکاری

بەڕێزان وەك جەنابتان دەزانن کەوا شاری کفری یەکێکە لە شارە هەرە دێرینەکانی عێراق و کوردستان و هەمیشە لانەکەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان و خەمخۆری شۆرش و پێشمەرگە بووە و شاری ڕۆشنبیران و مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە و هەمیشە خەڵکی ئەم شارە لە ریزی پێشەوەی هەموو شۆرشێکی گەلەکەماندا بوونە و لە ڕێبازی کوردایەتیدا چەندین شەهیدی بە کوردستان بەخشیوە. شارێکە دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەروەرییەکانیدا بچوایەتەوە و ئەوەی خزمەتگوزارییە بۆی بکردایە بەڵام بە داخەوە لە سایەی حکومەتی خۆماڵیدا ئەم شارە بە تەواوی پەراوێز نراوە و وەك پێویست کاری خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە.

لێرەدا ئەوەی جێی نیگەرانی خەڵکی شار بە گشتی و ئێمەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ناومان لە لیستی هاوپێچدا هاتووە ئەوەیە کەوا لە دوای هەڵبژاردنەکانی (ی. ن. ك) وە قایمقامی ئەم شارە بە وەکالەتە و بۆ ئێستاش چەند کەسێکی بی ئەزموون لە کاری حکومیدا کاندید کراون بۆ ئەوەی ببنە قایمقامی کفری کە لەسەر بنەمای تەکەتولی ناو حیزب کاندید کراون و خەڵکی شاری کفریش نین بۆیە ئێمەی ڕێکخراوەکان بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدا ناکۆکین و بە هیچ شێوەیەك رازی نین کەوا کەسێکی دەرەوەی شارەکەی خۆمان ببێت بە قایمقامی کفری بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان کەوا پشتگیری لە داواکەمان بکەن بۆ ئەوەی رۆڵەیەکی ئەم شارە ئیدارەی شارەکەی بەرێوە بەرێت. بە پێچەوانەوە ئێمە هەڵوێست وەردەگرین و هەرچی رێگەی تریش هەیە لە چوار چێوەی یاسادا دەیگرینەبەر.

لەگەڵ رێزدا

لیژنەی ڕێکخراوەکانی کفری

وێنەیەك بۆ:

1. مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك) بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
2. مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
3. مەڵبەندی (26) ی ڕێکخستنی کفری بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
4. ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان / سەنتەری کفری
5. کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان / کۆمیتەی کفری
6. یەکێتی ژنانی کوردستان / کۆمیتەی کفری
7. یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان / کۆمیتەی کفری
8. سەندیکای کارمەندانی تەندروستی
9. لیژنەی کۆمەڵایەتی کفری
10. یەکێتی تەکنیککارانی کوردستان / کۆمیتەی کفری
11. یانەی وەرزشی کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.